سەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە دەبێت ئارامی بگەڕێتەوە زانکۆکانی ئەمریکا

جۆ بایدن، سەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند، پێویستە ئارامی بە زانکۆکانی ئەمریکا بگەڕێتەوە.

مەبەست لێم لێدوانەی سەرکی ئەمریکا خێپشاندانە کەتایبەکانی خوێندکارانی زانکۆکانی ئەمریکایە دژ بە هێرشەکانی ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە.

زانیاریی زیاتر: سەدان پۆلیس بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە (2ـی ئایاری 2024)، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلەس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نارنجەکیان هەڵدایە سەر خێپشاندانی خوێندکارانی ئەو زانکۆیە و دەیان خێپشاندەریان دەستگیرکرد و خۆتەکانی خێپشاندەرانیان هەڵکردەوە.

سەرکوتکردنی پۆلیس بە خێپشاندانەکە لە زانکۆی کالیفۆرنیا دوایین خاڵی گرژییەکان بوو لەنێو کەلەژەکانی ئەمریکادا، لە کاتێکدا خێپشاندانەکان سەبارەت بە شەڕی ئیسرائیل لە غەززە بووە هۆی پێکدادان لە نێوان خوێندکاران و هێزەکانی جەبەجەکردنی یاسادا.

پێشتر پۆلیس داوای لە خێپشاندەران کرد لە مایکی دەنگی بەرزدا ناوچەی خێپشاندانەکان چۆڵ بکەن کە گەڕێپانەکی بە قەبارەی یاریگایەکی تێپی پێ داگیرکردبوو.

دوای کەبوونەوە لە دەوروبەری زانکۆکە بە ماوەی چەند کاتژمێرێک، ئەفسەرەکان لە کەتاییدا بە

هەڵکانی ناوچەی خێپشاندانەکە ڕێشتن و بە دار و نارنجێک ڕووبەڕووی خێپشاندەران بوونەوە، لە کاتێکدا خێپیشاندەران دەستیان بە یەکتر بەست لە هەوڵێکدا بە ڕێگریکردن لە پێشکەوتنی پۆلیس.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا خوێندکاران لە دەیان قوتابخانە و خوێندنگاکاندا لە ناوچە جیاجیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆپیشان هەڵکرد و داوای ئاگربەستێکی دەستبەجێیان لە کەرتی غەززە کردووە.